## نەمری بۆ عەشق و مەرگ بۆ ژیان

# "هاینریش ڤۆن کلایست"
# خۆکوژێکی ڕاستەقینە!

گۆران ڕەئوف

خۆکوشتن یەکێکە لەو بابەتە گرنگ و هەستیارانەی کەلەنێو گشت چینەکانی مرۆڤایەتیدا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و لەهەموو کات و مێژووە جیاجیاکاندا وەك دیاردە - و بگرە فۆرمێك- بوونی هەبووە، یاخود گە بڕوانینە سەرتاپای ئاینەکان بەهەردوو بەشەکەیەوە-ئاسمانیەکان و زەمینیەکان- کەم تا زۆر قسەی لەبارەوە کراوە و شیکار و تاوتوێ کراوە.

کەواتە دەکرێت شاعیر و ئەدیبەکان بەجۆرێکی وردتر و جوانتر ئاشنای بن، چونکە هەموو لایەك لەسەر ئەو ڕاستییە تەبان کە شاعیرەکان زۆر زیاتر لە مرۆڤە سادەکان هەستیارترن، هەربۆیە بەردەوام لەهەموو زەمەنەکاندا –ئەوان-پێشەوا و بلندگۆی هاولاتیان بوونە، دەکرێت لەم نێوەندەوە ڕووبکەینە دیدگا و ئەندێشەی شاعیرێك کە لەئەزەلەوە هاوڕێیەکی سەرسەختی نائومێدی و پووچی بووە، ئەو خودی ژیانی بە پڕوپوچترین وێنا چواندووە، بەردەوام لێوانلێو بووە لە ڕەشبینی و پڕبووە لە هەلهاتن و سەرڕێژبووە لە یاخی بوون.

ڕەنگە زۆربەمان ئاشنای (هاینریش ڤۆن کلایست) بین و کەم تا زۆر وەك شاعیرێکی ئەڵمانی، ناسیبێتمان لە ڕووی ئەندێشە و خەیاڵاتی شیعری و ناوەوەی لۆژیکی ئەدەبییەوە ، هەڵبەت ئەو لەسەردەم و ژیانی هەنووکەیی خۆیدا بەنێو زۆر کات و بەنێو چەندان پیشەی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، دەگونجێت لەناو سەرجەمی ئەو گەڕان و گۆڕانە واتایی و واقیعیەدا، ئامانجی بوویێت گوزەربکات بەنێو جیهانە پەنهانەکانی سروشتدا و مەبەستی بوویێت ببێتە گەڕیدەیەکی فیکر و بەرجەستەبوون، گەڕیدەیەك تێکڕا ویستبێتی بگاتە حەقیقەت...، هەڵبەت گونجاوە گەر بڵێین سەرجەمی بیریاران و شاعیران دواجار گەڕیدەی حەقیقەتن، هەرچەندە گەر سەرەتاش ئەوەیان مەبەست نەبوویێت، بەڵام دواتر کەبەتەواوی بارگاویی دەبن بە خەیاڵاتە خۆنەویستەکان و کەمە کەمە تێدەگەن لە جیهانە شاراوەکان و دەیانەوێت بگەنە کامڵ بوون، یان گەڕانەوەیەکی تەواوەتی، ئەوکاتە کتومت گەڕیدەی حەقیقەتن.

هەربۆیە کلایست مەبەستی بووە یەکێك بێت لەو مرۆیانەی درۆ لەگەڵ خۆیدا نەکات و خۆی تووشی خەڵەتاندنێکی ساویلکانە نەکات، دەکرێت بگووترێت هەرواش بووە، دەکرێت بڵێین شاعیرێك بووە پڕاوپڕ شاعیرانە ژیاوە و وونبووە لەنێو ئەو جیهانەی لەسەرەتاوە ئامانجی بووە بگات پێی، هەڵبەت گەر لەژیان و خوڕەوشتەکانی ووربینەوە تێدەگەین نائومێدێکی سروشتی بووە و گرفتی لەگەڵ نە (بوون)دا هەبووە نە (نەبوون)، یاخود ئەو ئەسڵەن سەرەتای تەمەن و ژیانکردنی سادەبووە وەك هەموو مرۆڤەکان، یان لەنێو خێزانێکدا ژیاوە کە یەکێك بوون لە خانەدان و نەجیبزادەکانی سەردەمی خۆیان، بەڵام کلایست ئەو دەمەی کەلە سەربازی پاشەکشەدەکات و زانکۆ تەواو دەکات، ئاماجیەتی ببێتە (زانا) بەڵام ئەوکاتەش ناتوانێت ڕێگە لەو بوورکانە شیعریی و ئەدەبییەی خۆی بگرێت کەلەنێو فیکر و ئەندێشە فراوانەکەیدا بوونی هەبووە و هەستی پێکردووە، یان ئەوەی گەر بەووردی بڕوانیەنە ژیان و گۆڕانکاریەکانی تەمەنی، دەکرێت بڵێین تاکو ئەوکات و ساتە خۆی نەدۆزیوەتەوە، یاخود نەگەیشۆتۆتە ئەسڵ و ڕەسەنایەتی خۆی، هەرچەندە دەگونجێت لەڕووی ئەدگار و ئاکارەکانیەوە هاو وێنەی داهاتووە نەبینراوەکەی بوویێت، دەکرێت زۆر خەیاڵات و بیرکردنەوەی ئەبەددی هەبووبن کە لە سەرەتای

ژیانییەوە هاوەڵی بوون، بەڵام دواجار نەگەیشتۆتە كلایستی ڕاستەقینە، نەگیشتۆتە ئەو كلایستەی تووڕەیە لە ئاسمان و لە خودا، دڵشكاوە لەسروشت و نائومێدە لە بوون!.

گەر بە بیرێكی هەڵسەنگاندنەوە تەماشای ژیان و ڕووەداوە گرنگەكانی تەمەنی كلایست بكەین، دەبینین لەهەموو ژیان و تەمەنیدا هیچ شتێك هێندەی فەلسەفەی (كانت) كاریگەری لەسەر دانەناوە، بەتایبەت ئەو كتێبەی كەناوی (هەڵسەنگاندنی عەقڵی رووت)-ە، یان دەكرێت بڵێین لەگەڵ خوێندنەوە و ئاشنابوونی بەم بەرهەمەی (ئەمانۆئیێڵ كانت)، ئیدی تێكڕای جیهانە ناوەكی و چاوە پەنهانەكانی ڕۆحی دەكرێنەوە و تووشی خۆناسینێكی تەواو دەبێت و تێدەگات بۆ چ هێندە نائارام و ڕەشبینە، تێدەگات هەموو بەدبینی و تووڕەییەكانی لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە، هەڵبەت ئەوە مانای ئەوەنییە كەخودی كلایست كەسایەتییەكی زووگۆڕ و ڕەهای هەبووە، بەڵكو بەو مانایە دێت، كە ئەدیبێك بووە پڕ لە فیكری جوان و داهێنەرانە، بەو واتا دێت كە لەمێژەوەیە چاوەڕوانە فریادڕەسێك بێت و ڕزگاری كات لەوەی ئەسڵی ئەو چیە، ڕزگاری كات و بیگەیەنێتە دەربەندە دوورەكان و ئاشنای مەمەلەكەتی ڕاستییەكانی بكات.

لەڕاستیدا ئاشنابوونی كلایست بە -كانت و فەلسەفەكەی- تەنها هاوكار نەبووە كە خۆی بدۆزێتەوە و بكەوێتە بیركردنەوە قوڵەكانی، تەنها نەبۆتە هۆی ئەوەی كەبكەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی لەمێژەوەیە بەشوێنیدا ویڵە، بەڵكو كلایست بەخوێندنەوەی ئەو بەرهەمەی كانت، بەتەواوی دەكەوێتە ژێر كاریگەری و ناتوانێت وەك ئاوێنەیەك وێنای نەكات لەخودێتیدا، چونكە هەر لەو كات و ساتەدا-١٨٠١-١٨٠٢- شانۆگەری (خێزانی شروفنشتاین)، دەنووسێت، كە بارگاوی و كاریگەرە بە فەلسەفەی ڕۆسۆ و كانت.

لەم میانەیەدا كە وەك ئەدیبێكی نوێ دێتە كایەوە و خۆی ئاشنا دەكات و واهەستدەكات ئەوەش هێشتا دەسپێكە بۆگەیشتن بە دەڤەر و دونیای دیكە، واهەستدەكات هێشتا لەسەرەتای ڕێگەدایە و دەبێت خۆی ئامادەبكات بۆ گەیشتنی بەوێستگەی كۆتایی، هەڵبەت لەو نێوەندەدا تووشی خەیاڵات و بیركردنەوەیەك دەبێت، كە سەرتاپای گەشتە بەردەوام و دوورەكەی مەبەستی بووە بگاتە ئەو خەیاڵ و بیركردنەوەیە، خەیاڵاتێك بۆنی

حەقیقەتی لێدێت، گریمانەیەك كە تەواو ئەو وێنەیە لە هزریدا هەڵیگرتووە، ئەویش گەڕانە بۆ ئەوەی بگاتە عەشقێك كەهەرگیز نەمرێت و بێتە بەشێك لە ئەبەددیەت، لەگەڵ ئەوەی ئەو گریمانەیە دژوار بووە بۆی، بەڵام وەك گوتمان ئەو تەنها بۆئەوە ژیاوە، كە ئەوكاتەش تێدەگات لەوەی پەی بردووە بە خەونەكەی، بۆیە ناتوانێت دەستبەرداری بێت و جەربەزانە دەجەنگێت تاوادەكات بیخولقێنێت!.

لێرەوە و ئەوكاتەی كە كلایست دەگاتە عەشقی نەمری، ئیدی شتەكان بۆن و ڕەنگێكی دیكە وەردەگرن، ئیدی بوون و نەبوون تێكەڵاّی یەكتر دەبن و ئەستەمە جیاكردنەوەیان، یان لەنێو ئەو تەمەن و ژیانەدا دڵخۆش دەبێت بەوەی ڕێگایەكی شك بردووە كەتیایدا گەیشتووە بەوەی **نەمری بۆ عەشق و مەرگ بۆ ژیان**، هەڵبەت ئەو ڕێگایەی دەیدۆزێتەوە تەنها هەر گریمانەیەكی واتایی نیە لە خەیاڵ و ئەندێشەدا، بەڵكو لە ژیانی ماددیدا تەواو ئەنجامی دەدات، هەڵبەت باشرە ئەو كورتە چیرۆكە بزانین: كلایست عەشقی كیژۆڵەیەك بووە، كیژۆڵەیەك بە نەخۆشی(شێرپەنجە) وئازاری جەستەیی و دەروونیەكانیەوە دەتلێتەوە، بۆیە ئەوكاتە كلایست پەنادەباتە بەر ڕێگایەك تا ئەو عەشقەی لەنێوان خۆی و مەعشوقەكەیدایە نەمرێت و بە زیندووی بمێنێتەوە!.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بیركردنەوەی كلایست لەسەر مەرگ و ژیان شتێك نەبووە كە كە لەئەنجامی ئەو عەشقەوە درووست بووبێت، بەڵكو وەك گووتمان پەیوەندییەكی یەكجار پتەوی هەبووە لەگەڵ نائومێدی و مەئویسیدا، بەڵام گونجاوە گەر بڵێین بەپاڵپشتی ئەو عەشقەی، تەواو گریمانە خەیاڵییەكەی خۆی بەرجەستەدەكات، وەك لەنامەیەكیدا ئەو بیركردنەوە سرووشتیە هەستپێدەكەین كەبۆ (ئۆرلیكە)ی خوشكی ناردووە و تیایدا هاتووە:

**"ئازیزم: ئەمەی دەینووسم پێدەچێت ببێتە هۆی بێزار بوونت لەژیان، بەڵام پێویستە و دەبێت بۆت بنووسم" لە (پاریس) بە هەموو هێز و توانایەكمەوە دەستبەكاربووم لەبەرهەمەكەم، پاشان چاوێكم پیاداخشاندەوە و پاشانیش دڕاندم، وە ئێستاش هەموو شتێك كۆتایی پێهات.**

**ئاسمان ناوبانگیم لێ زەوت دەکات، ئەویش مەزنترین دەستکەوتە لە دونیادا، بۆیە منیش وەك منداڵێکی سەرکەش بەخشندەییەکانی تری فڕێدەدەمەوە بەڕویدا، هەربۆیە کۆتایی بەو ژیانەم دێنم دەستەبەری کردووە بۆم، کەئەویش مەرگی جوانی نێو مەیدانی جەنگەکانە. هاوکات زۆر دڵخۆشم بەبیرکردنەوە لە گۆڕی مەزنی بێ کۆتا".**

لەم نامەیەوە تێدەگەین کە کلایست تەنها مەبەستی نەبووە بگاتە نەمری لە عەشقدا بەڵکو بێزاریەکی تەواو سروشتیانەی تیادا بەدی دەکرێت، لەبەرامبەر ژیان و خودادا، یان بابەتی مەرگ و ژیان بەتەواوی کاریگەر بووە لەسەری و بەردەوام تاکە شتێك بووە لەبیریدا بووبێت، چونکە لەکاتی ئاهەنگە هاوسەرگیرەکاندا، ئەو لەوکاتەی قسە لەگەڵ بوك و زاوادا دەکات پێیان دەڵێت:**"هیوای مەرگێکی خۆشتان بۆ دەخوازم"**.

هەربۆیە بەگشتی دەکرێت بڵێین یەکەمین هۆکاری بەهێز کەوادەکات کلایست پاڵپێوەبنێت بۆ خۆکوشتن ئەوەیە کە بەتەواوی لە ئازارێکی گەورەی ڕۆحیدایە و بەتەواوی ڕەوتی ڕۆحی سەرجەم سنوورەکانی بەزاندووە و نەعەشق و نە ئایین و نە فەلسەفە دەتوانێت سەرکەشیەکانی ڕۆحی ببەستنەوە، هەروەك لە نامەیەکیدا بۆ خوشکەکەی تیایداهاتووە و دەڵێت:

**"(برین) ڕۆحمی پێکاوە، تەنانەت کاتێك سەر لە پەنجەرەکەمەوە دێنمەدەرەوە، ڕووناکی خۆر ئازارم دەدات"**، بۆیە لەکۆتایدا دەگاتە مەعشوقە نەخۆشەکەی، کە ئەویش هاوبیرە لەگەڵ کلایستدا، هەربۆیە لە ڕۆژی ١٢-ی مانگی تشرینی دووەمی ١٨١١-دا و لەتەمەنی ٣٤ ساڵیدا لەسەر دەریاچەی (فانزیە)، بەدەمامچەیەك سەرەتا خۆشەویستەکەی دەکوژێت و دواتریش خۆی!!!.

بۆئەم نووسینە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

*ڕۆمانی (قەیرانی خۆشەویستی و نائومێدی)، ن:ئەلبەرتۆ مۆراڤیا، و: لەعەرەبییەوە ئەرسەلان ئەردەڵانی.
*کتێبی (ژیاننامە و بەرهەمەکانی ناودارانی جیهان)، کەریم شارەزا.
*ڕۆژنامەی (ساندیدە) ژمارە (٠)، (ژیان و مەرگی هاینریش ڤۆن کلایست)، و:لەعەرەبیەوە ئەرسەلان ئەردەڵانی.
*سایتی ئینتەرنێتی فورات.